# ١ ئایار
# دەرفەتێکی دیکە بۆ ڕاگەیاندنی خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان

**هاووڵاتیانی کوردستانیی،**

**جەماوەری دیموکراسیخواز و ئاشتیخواز،**

**بەشداربووانی یەکی ئایار،**

لە ١٢٢ هەمین ساڵرۆژی ١ ئایار، ڕۆژی کرێکارانی خەباتگێر. پیرۆزبایی گەرمتان لێ دەکەین. ڕۆژی کرێکاران لە ماوەیەکی کورتدا لە بەشێکی گەورەی جیهان بوو بە ڕۆژی زەحمەتکێشان و کرێکاران و جووتیاران و خوێندکاران و رووناکبیرانی پێشکەوتووخواز و ڕەواخواز.

١٢٢ ساڵ لە تێکۆشانی هەمەجۆر لە ناو بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگاکان لە سەرناسەری جیهان، نیشانی دەدات کە هەندێک جار خەبات، ئەگەرچی چینایەتییش بێت، دەتوانێت بەشێکی گەورە لە خەباتی نەتەوەیی بگرێتەوە و هاوکات سنووره نەتەوەییەکان ببەزێنێت و لە سەر ئاستی جیهان بکردرێت.

خەباتی سیاسیی بزووتنەوەی کرێکاریی لە وڵاتانی پیشەسازییدا پێشکەوتنی گرینگی بە خۆیەوە بینیووە. پێشکەوتنگەلێک کە ڕەگی قووڵی لە پاش خۆی بەجێهێشتووە و بووە بە هۆی دامەزراندنی بناخەیەکی سەقامگیر لە کۆمەڵگادا. دیارە هەموو جۆرەکانی چەپ بە گشتیی بە شێوەی خۆیان و بە پێی توانای خۆیان کۆمەکی گرینگیان بەو خەباتە کردووە.

لە خەباتی دیموکراسیخوازانە و ئاشتیخوازانە و ڕیفۆرمخوازانەی بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراتییدا دەتوانین سەرکەوتنی بەرچاو بژمێرین، بەڵام هەروەها لە بزووتنەوەی پان - کرێکاریی، سەندیکایی ڕێکخراوەیی و خوێندکاران و هەروەها لە بزووتنەوەی لیبرالییشدا سەرکەوتنی شایانباس تۆمار کراون.

هەموو ئەو کارانە بە گشتییش و بە تایبەتیش دەستکەوتی بە بایەخیان هێناوەتە ناو کۆمەڵگاکان. قسەکردن کە کام لەو دەستکەوتانە کەمتر یان زیاتر گرینگن، کارێکی هاسان نییە، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا بۆ ئەوانە باش بووە کە بە شێوەیەک ژیانیانی پێ باشتر بووە. وەکو هەموو ئەوانەیش گرینگ ئەوەیە کە ئەو خەباتە لە پێناوی باشترکردنی کار، کاتی کار، مووچە، ئاسایش و ئارامیی کار، بیمەی کار، تەندروستیی کرێکاران و هتاد کراوە. خەباتی کرێکاریی بە گشتیی هەموو بوارەکانی کۆمەڵگای گرتووەتەوە. لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین کە خەباتی کرکاریی ڕیفۆرمیستانە و ئاشتیخوازیانەی سۆسیالدیموکراتیی لە قازانجی زۆرینەی خەڵک و کۆمەڵگادایە.

لەبەرئەوەیە ئێمە، کۆمەڵە - پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان، هەر لە سەرەتاوە بەلامانەوە گرینگ بوو ڕچەی ناسوپاسمەندیی و پێەزانین و بە هەندنەگرتن بشکێنین و دەستخۆشیی و ئافەرین لە هەموو هەنگاوێک بکەین کە تەنانەت بە بچووکترین شێوەیش دەتوانێت خزمەت بە وانە بگەیەنێت کە پێویستیان پێیەتی. ئەوە ئەو شێوە کار و بیرکردنەوەیە کە ئێمە تایبەت و دانسقە دەکات و لە لایەنانی دیکەمان جودا دەکاتەوە.

هەڵهێنانی هەنگاوی وا لە جیهانێکدا کە ڕێکخراوگەلی ئیتوپیست و شۆڕشگێری پەرگیر و ڕمبازێنکار و ڕیسکهەڵگر، وەک باڵندەی تێر خەو لە بەرەبەیانی بێئگاییدا پڕ بە گەروو دەچریکێنن، هاسان نییە. بڵندکردنی

دروشمی پا دەر هەوا و سوێندخواردن لەسەر هۆمۆژنی چینی کرێکار وەکو چینێکی بێ کۆنترادیکت و بێخەوش لە ناتەبایی، زیانی زۆری گەیاندووە.

لە سۆنگەی ئەو تێگەیشتنەوەیە ئێمە دەمانەوێت ئەو جۆرە لە خەبات بخەینە گۆڕەپانی ژیانەوە کە مرۆڤەکان لە ژیانی ڕۆژانەدا بتوانن کەڵکی لێوەربگرن و لە گفتوگۆ و دیالۆگ و پێکەوە کارکردن و پێکەوە ژیاندا سوودی لێ وەربگرن.

لە دۆخی وادا، کاتێک کە لاینێکی سیاسیی دێت و چینی کرێکار دەکات بە پێکهاتەیەکی پیرۆزی خۆگەڕ و ڕزگارکەری مرۆڤایەتی، کە داواکان لە هەر ئاستێکی مایکرۆدا مەسخەرە دەکات و پەنا بۆ بەر ئاستی ماکرۆ لە جیهاندا دەبات، و خۆی دەکات بە خێوی بزووتنەوەی کرێکاریی و بە دایکی هەموو جۆرە وەڵامەکان، زوو دەردەکەوێت کە برینی هەوکردووی بزووتنەوەی کرێکاریی چەند قووڵە، چۆن جڵەوی تێکۆشانی سەرزەمینیی لە دەست دراوە و چۆن کێشەگەلی گەورەی وەکو کۆلۆنیالیزم، داگیرکەریی، تاڵانیی ئابووریی و فەرهەنگیی و کولتوریی، ڕەگەزپەرستیی و شێوەکانی هەڵاواردن لە زۆر سووچی دونیا، لە ناو زۆر نەتەوە و گرووپدا، فەرامۆش دەکردرێن.

ئەو بازدانە بەرزە کە بە داخەوە بەشێکی گەورە لە جۆرەکانی چەپ دەگرێتەوە و ئەو شێوە نەخۆشینە منداڵییەی کە تووشی زۆرێک لە چەپ هاتووە وای کردووە کە خەباتی ڕیفۆرمیستی ڕەت بکرێتەوە و مرۆڤەکان، ئەوانەی کە هەر ئێستا برسیی و تینوو و بێ دەرمان و بێ ماڵ و بێ بژێوین، وەکو لە بەر دەم ئەڵتاری کڵێسا و مزگەوتدا وێستابن، ڕادەوستێندرێن و چاوەڕووانی موعجیزەی کۆمۆنیستیی و سۆسیالیستیی و ڕمانی سەربەرەوخواری حکومەتەکانیان دەکەن.

لە دۆخی وادا، کاتێک کە دروشمەکان بانزەمینن و ماڵی مرۆڤەکانیان جێهێشتووە، کاتێک کە گرینگیی بە تایبەتمەندیی شوێن و جێگای جیاواز و بە پێکهاتەی جیاواز و کات و توانا، نادرێت، ڕۆشنە کە خەباتی دیموکراسیانە و ئاشتیخوازانەی چینی کرێکاران و لایەنانی دیکەی ئازادیخواز ڕوو لە هەوراز دەبێت.

لەبەرئەوە بوو هەر لە سەرەتاوە ئێمە، کۆمەڵە – پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان بە لامانەوە گرینگ بوو هیچ دەستکەوتێک نادیدە نەگرین. دەستکەوتی جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت لە یەکتر، ئازادیگەلی هەمەخۆر، جڵەوکردنی سەرمایەداریی و بازاڕی ئازاد، حاکمیی یاسا و بێلایەنیی دەستەڵاتی دادوەریی و سەدان دەستکەوتی دیکەی لەو جۆرە لە بواری تەندروستیی و خوێندن و خزمەتگوزاریەکان و مافگەلی خانەنشینیی و هتاد. دەستکەوتگەلێکن کە دەبێت پێشبخرێن و گەشەیان پێ بدرێت، بەڵام پێش هەر شتێک دەبێت بسەلمێندرێن و بپارێزرێن.

## ئەرکی ئێمە، کۆمەڵە – پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان

ئێمە دەمانەوێت و لەو تێکۆشانەداین کە کۆمەڵگای کوردستان لە بیری سوننەتیی نەزۆک، لە بیرگەلی کۆمۆنیستیی وابەستە بە شیعاری دەرزەمینی و پا دەر هەوا، لە شۆرشگێریی دوور لە سەواد و لە پاسیڤیزمی سیاسیی و لە ئانارشیزمی سیاسیی و نەخۆشینی دیکەی منداڵانەی چەپ ڕزگار بکەین.

بەڵام پێش هەر شتێک و لە پلەی هەرە یەکەمدا ئێمە دەمانەوێت پەردە لەسەر هەموو ئەو گەرایشانە کە لە هەموو حاڵەتەکانیاندا ناکوردستانیین، هەڵ بدەینەوە.

دەمانەوێت دۆخی کوردستان، وەکو خاکێکی داگیرکراو و کۆلۆنیزەکراو، وەکو کۆمەڵگایەکی تاڵانکراو و کۆمەڵکوژکراو، بخەینە ڕوو. ئێمە دەمانەوێت نیشانی بدەین کە دۆخی چوونایەتی و جەندایەتی کرێکاران و جووتیارانی کورد لە چ ئاستێکدایە، جەماوەری بەرینی کوردستان لە چ حاڵێکدان، خۆراک و خوێندن و خزمەتگوزاریی و مافگەلی دیکەیان چەندە و چۆنە و لە چ ئاستێکدایە، و لە سەر ئەو بناخەیە وامان کردووە و هەر بەو شێوەیە دەکەین.

لەو ڕووەوە ئێمە هەر چەپێکی دیموکراسیخواز و ڕیفۆرمخواز نیین، بەڵکو چەپێکی کوردستانیی و ئازادیخوازین کە مۆرکی تایبەتمەندیی خەباتی سیاسییمان بە بزووتنەوەی ڕزگاریخواز و بەرابەرخوازی کوردستانەوە دەنێین. سەربەخۆییخوازیی و ئازادیخوازییمان مایەی شانازیی و هاوکات خەسڵەتی تایبەتی بە ئێمەیە.

بەو شێوەیە لە ڕوومان دێت پێ دابگرین کە جیاوازیەکانی ئێمە، لەگەڵ لایەنانی سوونەتیی و شێوە نەریتیەکانی چەپ، هەر بە دەیان نیین، بەڵکو دەتوانن بە سەدان بن.

ئێمە لە ١ ئایاردا ڕوو دەکەینە جەماوەری بەرینی جیهان و داوایان لێ دەکەین هاوپشت و هاوخەباتمان بن کاتێک کە داوای دەکردنی سپای داگیرکەر و هێزی ئیتلاعات و پاسدار لە کوردستان دەکەین. هێزێک کە دەریایەک خوێنی لە خەڵکی کوردستان ڕشتووە و کە ڕۆژانە ئەرکی دزی و تاڵانیی پێ سپێردراوە. ئەو سپایە لە کوردستان زامنی هێشتنەوەی یەکێک لە سەخترین شێوەکانی ئیستیبدادی داگیرکەرییە لە جیهاندا.

ئێمە داوا دەکەین هاوپشت و هاوخەباتمان بن کاتێک داوای مافی ڕیفەراندۆم دەکەین، بۆ ئەوەی ئازادیی مافی بڕیاری دیاریکردنی چارەنووس بخرێتە دەست خەڵکی کوردستان و بڕیار لەسەر چارەنووسی خەڵکی کوردستان لە پشت پەردەکان و ژوورە داخراوەکان بهێنرێتە دەر و تەسلیم بە خەڵک بکرێتەوە. کاتێک ئێمە داوای دیموکراتیی دەکەین، ئەوە یەکەم هەنگاومانە ڕووەو دیموکراسیی کە داوا بکەین خەڵک لە سەرەتاوە بڕیار لە سەر ژیان و ئاییندەی خۆیان بدەن.

ئێمە داوا دەکەین هاوپشت و هاوخەباتمان بن کاتێک دەمانەوێت حکومەتێکی دیموکراتیک و باشبژێی لە کوردستان دابمەزرێنین، کاتێک داوای بەرابەریی و یەکسانیی بۆ خەڵکی کوردستان دەکەین، کاتێک دژی شێوەکانی هەڵاواردن و ڕەگەزپەرستی لە کوردستان و لە جیهان تێدەکۆشین، کاتێک دەستی هاومافیی دەهێنینە پێش و داوای ژیانێکی ئازاد و دوور لە چەوساندنەوە بۆ خەڵکی کوردستان و هەموو ئازادیخوازێکی دیکە دەکەین.

داوا دەکەین ئێوە، هەموو ئەوانەی ڕێز لە خەباتی دیموکراسیی و ئاشتیخوازانە و ئازادیخوازانەی مرۆڤ دەگرن، هاوپشت و هاوخەبات و هاوسەنگەرمان بن لە تێکۆشانی ئازادیی نەتەوەییماندا.

لەبەرئەوە داوای سیاسیی و خەباتی ئێمە، کۆمەڵە – پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان لە ١ ئایار مانایەکی دیکەی هەیە و حەتمەن لەگەڵ داوای سیاسیی لایەنانی دیکەدا جیاواز دەبێت. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو جیاوازیانە کە لە ئامانجی ئێستایی و کورتخایانماندا هەن، بە گشتیی هەمووومان مەبەستمان ئەوەیە کە مرۆڤ سەربەرز و سەرفەراز و کامەران و تەندروست بێت، کە کۆمەڵگاکان بەختیار و دوور لە چەوساندنەوە بن.

ئێمە بە خۆشییەوە دەمانەوێت بە ڕێگای سیاسیی و ئاشتیخوازانە و دیموکراسیخوازانە لەو خەباتەدا بەشدار بین. ئەوە بڕیاری ئێمەیە.

بەو شێوەیە پەیامی ئێمە پەیامی ئاشتیی و خوشکایەتیی و برایەتیی و هاوخەباتییە. پەیامی یەکترقبوڵکردن و سازکردنی کۆمەڵگایەکی فرەچەشن و فرەڕەنگ و فرەدەنگە. پەیامی نەهێشتنی ڕەگی هەڵاواردن و جیاوازیدانان و خۆفەرزکردن و تاکڕەوێتیە، پەیامی دروستکردنی هاوپەیمانیی و هاوسەنگەرییە بە پێی بەرنامەی ڕوون و ئاشکرا، پەیامی کۆکردنەوەی چەپە دیموکراتیەکان و دامەزراندنی پارتێکی چەپی جەماوەریی سۆسیالدیموکراتە وا کە بتوانێت وەڵامی داخوازیەکانی ئێستایش و ئاییندەی خەڵک لە کوردستان بداتەوە.

پارتێکی چەپی سۆسیالدیموکراتی کوردستانیی کە لە ڕووی تیئۆرییەوە بتوانێت وەڵامدەر بێت و لە پراکتیکیشدا خاوەنی ئەو ئەخلاق و شانازیی و سەربەرزییەی کار و هەڵسوکەوت بێت کە بۆ سەرکەوتن پێویستە.

- بژی کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ!
- بژی مافی ڕیفەراندۆم بۆ خەڵکی کوردستان
- بژی یەکی ئایار و هاوپشتی نێونەتەوەیی!

کۆمەڵە - پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان

٢٠١١/٤/٢٦